# بەبیانووی یادەوەریەکانی ئازارەوە
# وولات هی پیرەکانە ئیتر یادەوەری چی؟!

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

تورەبوونی گەنجی کوردی لە باسکردنی یادەوەریەکان و گێرانەوەو چیرۆکە تراژیدیەکان، وەك هەڵەبجەو راپەرین و کەرکوك بەتایبەتی پاش زنجیرە خۆپیشاندانەکانی گەرمیان و رانیەو سوتانی مینۆمێنتی هەڵەبجە لەلایەن گەنجانەوە ئەو راستیەی سەلماند کە گەنجی کوردی زۆر دورە لە پێگەی دەسەلات و دەسەلاتیش هیچ حساب بۆ گەنج ناکات و ئەوەی لەم وولاتەدا ئەکرێ و ئەبرێ تەنها نەوە پیرو بەساڵاچووەکەی دەسەلاتن ئەوانەی کە قاچێکیان لە شاخ و شۆرش بووەو بەزۆر قاچێکیشیان هێناوەتەوە بۆ شارو دەسەلات، گەنجی کوردی نایەوێت ئینتیمای بۆ یادەوەریەك هەبێت کە بەردەوام ئەو نەوە پیرە جەهەنمی بۆ سازئەکات و نەیتوانیوە بەهەشتێك بۆ گەنج دروست بکات، ئەم کارەساتی نەبوونی ئینتیمایە دیارە تۆڵەو پەرچەکرداری گەنجە لە حیزبی دەسەلاتدار کە وا ئەزانێت گەنج هەر گەنجەکەی جارانە بێ پرسیارو بێدەنگ، دیارە بێ ئینتیمایی و ساردیەکانی گەنج بۆ ئەو یادەوەریانە گەنج بە تەنها نەیخوڵقاندووە ئەوەندەی ئەو دەسەلاتە خوڵقاندوێتی کە بەردەوام گەنجی بۆ چەپڵەودەنگدانی خۆی دەوێت، گەنجی بۆ سەرجادەو جەنگە خوێناویەکان دەوێت، گەنجی بۆ پاسەوانی خەزێنەو قوللە ستەمکاریەکانی خۆی و دەهۆڵکوتی خۆی دەوێت،گەنجی بۆ ئاسایش و پۆلیس و پاسەوانی سنور ئەوێت، لەلایەکی دیکەوە خۆ هەندێ لە گەنجەکانیش بەتایبەت خوێندکارە حیزبیەکان شایەنی رەخنەو گلەین کە خۆیان هاوێشتۆتە باوەشی دەسەلاتی گەندەڵ، گەنج هەیە ئێستا کار بۆ وەرگرتنی پۆست ئەکات بە نیەتی گەندەڵی بۆیە حیزبەکەی قبوڵە نەك لەبەر خۆشویستنی حیزبەکەی! بۆیە گەنج لەم وولاتەدا ئەوەندەی ئامێرە بەدەست ئایدۆلۆژیای حیزبەوەو وەك یاری مناڵان گەمەی پێ ئەکرێت ئەوەندە مرۆڤێکی پرسیارکەرو رەخنەگر نیە بۆیە دەسەلات بەو شێوە ماوەتەوەو باکی بە هیچ سەرزەنشت و رەخنەیەك نیەو پێکەنینی دێ، کاڵبونەوەی ئەو ئینتیمایانە لای گەنج بۆ یادەوەریەکانی راپەرین و ئازار رەبتی بەو جەستە شەکەت و ئیفلیجەی سیاسەتی کوردیەوە هەیە کە تا ئێستاش شەرعیەتی خۆی بەرابردووەوە دەبەستێتەوەوهیچ داهێنان و خزمەتێکی نییە بۆ ئێستاو پرۆژەی ئایندەش هەر باس مەکە، لەکاتێکدا گەنج ئەوەندەی بە خەونی ئێستاو ئایندەوە ئەژی ئەوەندە نایەوێت بیر لە رابردوو بکاتەوە، دیارە ئەم کاڵبونەوەیەش کاڵبونەوەی ئینتیمای یادەوەری لای گەنج هیچ تەئسیرێکی نابێ بۆ سەر ئایندەی سیاسی ئەم وولاتە چونکە ئەم وولاتە پیرەکان ئەیبەن بەرێوە بۆیە حاڵمان جوانەو ئەوە نییە هەموو شتێك بۆتە سیستم و ماف  و ئەرکەکانمان پارێزراوە ؟ لەم وولاتەدا تەنها پیرو یادەوەریەکانی باڵادەستن تیایداو گەنج پەراوێزترین چینی کۆمەڵگان و هیچ پۆست و لێپرسراوێتیەکیان نیە، ئەوە پیرەکانن بەردەوام خاوەنی ئینتیماو پۆست و ئیمتیازو خەونێکی گەنجانەن کە بەراستی بەدبەختیەکی گەورەیەو بگرە زۆر قەباعەتیشە کە زۆرێك لەو بەرپرسانە وەك گەنج و بگرە موراهیقانەش رەفتار ئەکەن و نایانەوێت گەنجی راستەقینە هیچ بە هیچ بکات، ئەوەتا وەك گەنج حەزیان لە کچ و ئۆتۆمبیلی دوامۆدیل و مۆدێلاتی قژبرین و جلوبەرگی گەنجانەیە، کاتێ ئەم دۆخە ترسناکەش هەبێت ئیدی گەنج دڵی بە کام یادەوەری و ئینتیما خۆشکات جگە لە سەرهەڵگرتن و جێهێشتنی وولات؟